**زانكۆی سەلاحەدین**

**كۆلێژی ئاداب / بەشی كۆمەڵناسی**

**قۆناغی دووەم/ كۆرسی دووەم**

# لێكۆڵینەوە جێندەرییەكان

**مامۆستای وانە:**

**د. زەریا احمد طاهر**

**پەرەسەندنی مێژوویی چەمکی جێندەر**

بێگومان لەمیانەی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی تایبەت بە جێندەر دەردەکەوێت کە هزری فەلسەفی لەژێر کاریگەری هزری کۆمەڵایەتی دایە. ئەگەرچی هەست دەکرێت کە ڕای کۆمەڵناسان تاڕادەیەک جیاوازە، بەڵام بەگشتی زۆر جیاواز نین لە پارێزگاری کردن لە تێڕوانینیان سەبارت بە ئافرەت. بۆچوونی فەیلسوفان و بیرمەندان تاڕادەیەک لەژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دابوو کە ئەوان تیایدا دەژیان. ئەوانیش لە ژێر دەسەڵاتی کولتووری باو ئەو سەردەمەدا بوون کە هەلی درەخساند بۆ کوڕان و ڕێگری دەکرد لە کچان. وایان دانابوو کە پیاوان ئەو کەسانەن کە بە ئازادی و بەیەکسانی دێنە دنیا نەک کۆی گشتی رەگەزی مرۆڤایەتی. ئەمەش بوو بە مایەی نایەکسانی ژن و پیاو و مانەوەی ژنان لەدەرەوەی سیاسەت و پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگا.

کۆمەڵناسانی ئەرکگەرا وەک (سپنسەر و کۆنت و دۆرکهایم و پارسۆنز) پێیانوابوو کە سروشتی ئافرەت بۆتەهۆی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بەشێوەی پەیژەبەندی لە ستراکچەری کۆمەڵایەتی (بونیادی کۆمەڵایەتی).

بەبۆچوونی ئەوان پیاو لە لوتکەی پەیژەی کۆمەڵایەتییە و ئافرەتیش لەژێرەوەی ئەو پەیژەیەدایە. لەم بارەدا سیستمی پیاوسالاری بە پەرسەندنێکی سروشتی دادەنرێت و جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێکخستننەکانی کۆمەڵایەتی کە پارێزگاری لە پێگەی نزمی ئافرەت دەکات.

بەمەش دەبینین ڕۆڵی ئافرەتان لە هزری کۆمەڵایەتی فەلسەفیدا پەراوێز خراوە، چونکە مێژوو تیشکۆی خستۆتە سەر دەسکەوتەکانی پیاوان کە لەلایەن خۆیانەوە نووسراوەتەوە، لە مێژووی هزری کۆمەڵایەتیدا زانایەکی ئافرەتی بەریتانی (بۆنموونە کەسێکی وەک هارییت مارتینیو (Harriet Martineau) (1876– 1802) لەبیرکرابوو، کە دەستێکی باڵای هەبوو لە گواستنەوەی کۆمەڵناسی لە فەرنساوە بۆ ئینگلزتان لەڕێگەی وەرگێڕانی نووسینەکانی ئۆگست کۆنت لە فەرنسییەوە بۆ ئینگلیزی.

لەئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کە گۆڕانی پەیوەندییە تەقلیدییەکانی لێکەوتەوە، گۆڕانی رۆڵ و ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری خێزانی بە دوای خۆیدا هێنا، بەجۆرێک ئافرەتانی چینی باڵا نفوزی سیاسییان لە دەستدا، پێگەی ئابووری ئافرەتانی چینی خوارەوەی

کۆمەڵگاش بەهۆی پشەسازییەوە کارەکانیان لەماڵەوە گوازرایەوە بۆ کارگە و هێزی ئەوانی لە خێزاندا لەبەرامبەر پیاوان زیاد کرد.

بەهۆی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە، بزووتنەوەی ئافرەتان بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەشداری سیاسی و ئابوورییان لە کۆمەڵگادا لە سێ شەپۆلی (قۆناغی) بزووتنەوەی ئافرەتان بۆ مافەکانیان بەرجەستە دەبێت:

**گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئافرەتانی**

پێش ئەوەی باسی شەپۆلەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئافرەتان بکەین، پێویستە جیاوازی نێوان دوو چەمکی جێندەر و فێمینیزم بزانین. چەمکی جێندەر بەردی بناغەی تیۆری فێمینیزمی هاوچەرخ پێک دەهێنێت. بۆیە بیرمەندانی ئەو بوارە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا هەوڵیاندا جیاوازی بکەن لەنێوان چەمکی جێندەر و جنس.

چەمکی جێندەر لەلایەن دەروونناس رۆبەرت ستۆلەر داڕێژراوە. ئەو جیاوازی کرد لەنێوان واتا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی نێرایەتی و مێیایەتی لەلایەک، و بنەما بایۆلۆژییەکانی جیاوازی رەگەزی و سروشتی، کە لەگەڵ تاکەکان لەدایک دەبن.

**فێمینیزم چییە**

فێمینیزم بریتییە لە هەر هەوڵێکی تیۆری و پراکتیکی بە ئامانجی پێداچوونەوە و وەڵامدانەوە یان ڕەخنە یان ڕاستکرنەوەی سیستمی باو لە بونیادی کۆمەڵایەتی کە پیاو لە چەق دادەنێت و ئافرەتیش لە پەراوێز و ئەوی تر یان نزمتر لەو تەماشا دەکات. کۆت و بەندی لەسەری دادەنێت، ڕێگەی لێدەگرێت لە گەشە، و بەخشین و تواناکانی کەم نرخ دەکات و تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتە. بەمەش شارستانیەتیش وەک دەستکەوتێکی پیاوانەی ڕەها سەیر دەکات و دەسەڵاتی پیاو بەسەر ئافرەتدا بەهێزتر دەکات.

١-شەپۆلی یەکەم: شەپۆلی یەکەمی بزووتنەوەی ئافرەتان لە وولاتانی رۆژئاوا بە داواکردنی مافە گشتییەکانی بۆ ئافرەتان دەستی پێکرد کە پیاوان هەیانبوو بەڵام ئەوان نەیانبوو. داخوازی یەکسانبوونیان دەکرد لەمافەکانیان لەگەڵ پیاوان. ئافرەتان لەم شەپۆلەدا هەوڵیان دەدا لە نموونەی پیاوان وەک نموونەیەکی شارستانی نزیک بنەوە.

بیرمەندان و فەیلەسوفان (وەک ماری ولستۆن کرافت، جۆن ستیوارت میل، هارییت تایلەر) کە لە ژێر کاریگەرییەکانی مارکس و ئەنگڵز بوون، ڕەخنەی توندییان لە سیستەمی باوکسالاری گرت کە سیستمێکی داپلۆسێنەرە و کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕەگەزی نێر دەکات. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشداری پیاوان لەجەنگدا، بووە هۆی ئەوەی ئافرەتان جێگەیان بگرنەوە و بە سەرکەوتوویی کارەکانیان ئەنجام بدەن.

ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە لە ئینگلتەرا، نیوزلەندا، ئەمریکا، و سۆڤییەتی جاران مافی هاوولاتیبوون (لە دەنگدان و بەشداری سیاسی)یان وەرگرت. هەروەکو چۆن ڕێژەی خوێندەواریشیان بەرز بوویەوە. بێگومان شەپۆلی بزووتنەوەی ئافرەتان لە وولاتانی رۆژئاوا شەپۆلێکی سیاسی و کۆمەلایەتی بوو، و تا کۆتایی ١٩٢٠، ئافرەتان زۆرێک لە مافەکان و ئاماجەکانیان بە دەست هێنا. بەلام پاش ئەو مێژووە، بەهۆی جەنگەوە (جەنگی دووەمی جیهان) چووە قۆناغێکی تاڕادەیەک متبوونەوە (کەمبوونەوە).

٢-شەپۆلی دووەم: ئەم شەپۆلە لە بزوتنەوەی ئافرەتان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەستی پێکرد. کە تا ڕادەیەک لە بنەما کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی پێش خۆی دابڕا. لەو قۆناغەدا بانگەشەکانی لیبرالیزمی ئەمریکی کە بانگەشەی یەکسانی لە مافەکانیان دەکرد لەدوای سەرکەوتنیان لە لەقالبدانی دووبەرەکی ڕەگەزپەرستی و دەنگە نارازییەکان جەنگی ڤێتنام و خۆپیشاندان لەدژی ئەوە کە ئافرەت تەنیا سنووردار بکرێت لە بواری نمایشی جەستەیان. لەو قۆناغەدا چەمکی جێندەر لە بەرامبەر چەمکی جنس یان ڕەگەز وەک بوونێکی بایۆلۆژی دەرکەوت.

ئافرەتان لەو قۆناغەدا پێیان وابوو کە جێندەر بوونێکی سروشتی نیە بەڵکو بوونێکی کۆمەلایەتییە کە لە ژێر کاریگەری کولتوورەکان دروست بووە. لەو قۆناغەدا بیرمەندانی بزووتنەوەی ئافرەتان ڕەخنەیان لەو یاسایانە گرت کە نادادپەروەرانە بوون سەبارەت بە مافی ئافرەتان.

بەکارهێنانی چەمکی جێندەر بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دوو جۆر تیڕوانینی تیۆری لەو قۆناغەدا:

١- یەکەمیان پێیوایە ماهییەتێکی چەسپاو بۆ هەر ڕەگەزێک بوونی هەیە ئەویش کاریگەری هۆکارە بایۆلۆژییەکان لەسەر سروشتی مرۆڤایەتییە؛ نوێنەرانی ئەم بۆچوونە، (سۆزان گریڤن و مارلین فرای) بوون.

٢- دووەمیان ڕەتی بوونی ماهییەتی چەسپاو دەکەن و جەخت لەسەر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مرۆڤ دەکەن؛ (جۆلییێت میشیل، ساندرا بارتکی، پیتی فرایدن، و کیت میلیت)، نوێنەراتی ئەو ڕەوتە دەکەن.

شەپۆلی دووەمی بزووتنەوەی ئافرەتان بیرۆکاکانیان لە لە کتێبی (رەگەزی دووەم) فەیلەسووفی بوونگەرای فەرەنسی (سیمۆن دی بوڤوار) (Simone de Beauvoir) لەساڵی ١٩٤٩ وەرگرتووە. (دی بوڤوار) داکۆکی دەکات کە ئافرەت وەک ئافرەت لە دایک نابێت، بەڵکو دەبێتە ئافرەت. بەهۆی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگا وەک ئافرەت دروست دەبێت. ئەم شەپۆلە ئەمرکییە بە شەپۆلی دووەمی فێمینیزمی نوێ دەناسرێت. ئامانجەکانی گەڕان بوو بۆ چوارچێوەیەکی تیۆری قووڵتر و گشتگیرتر لەوەی کە تەنیا داوای یەکسانی لەگەڵ پیاوان بکەن.

**جیاوازی نێوان دوو شەپۆلەکە**

شەپۆلی یەکەم بە یەکێک لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنەی ڕۆشنگەری دادەنرێت کە لەهەمانکاتدا ئایدیۆلۆژیایەکی داگیرکاری (کۆلۆنیالی) بە ئامانجی بەرجەستەکردنی عەقڵانی نێرایەتی. بەجۆرێک کاری کرد بۆ کوژاندنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئافرەت و نزیک بوونەوە لە نموونەی پیاوان تاکو هەندێک لەو مافانە بەدەست بێنن کە لەسەر پیاوان قەتیس کرابوون. بەڵام شەپۆلی دووەمی فێمینیزمی نوێ دیارترین جیاکەرەوەکانی ڕەخنە لە عەقڵی نێرینەیە، ڕەتکردنەوەی تاک لایەنییەتی وەک چەقی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی کە ڕەوتی کۆلۆنیاڵی وەک نموونەیەک لە شارستانی هاوچەرخ دەناسرێت. شەپۆلی دووەم جیاوازە لە شەپۆلی یەکەم لەڕووی جەختکردنی لەجیاوازی ئافرەتان لە پیاوان.

٣-شەپۆلی سێیەم کە بە شەپۆلی پۆست فێمینیزم دەناسرێت کە لە ژێر کاریگەری (میشیل فۆکۆ و ژاک دریدا)دا ڕەخنە لە چەمکی عەقلانیەت یان مەرکەزییەتی عەقڵ و پێناسەی تاک ڕەهەندی بۆ حەقیقەت دەگرن. (ناوومی وولف و جودیت باتلەر) لە دیارترین نوێنەرانی ئەم شەپۆلەن.

**بەکارهێنانی چەمکی جێندەر لە کۆمەڵناسییدا:**

لێکۆڵینەوە لە جێندەر بەم دواییانە دەستی پێکرد و پاشان توێژینەوە لە ڕێگەی کارەکانی (ماری کریت مید) لە ماوەی نێوان ساڵانی 1940 و 1990 دا (کاتێک بە تیۆری وەزیفی (پارسونز)ی کاریگەر بوو) گەشەی کرد، کۆمەڵناسان دەستیان کرد بە نووسین لەسەر جیاوازی نێوان ژن و پیاو، کە وەک ڕۆڵی ڕەگەزی ئاماژەیان بۆ کردن. لە ڕاستیدا ئەم پێشنیارە تەواوکەری ڕۆڵی ژن و پیاو بوو، نەک تەنیا جەختی لەسەر سروشتی جیاکاری ڕەگەزی کردەوە، بەڵکو ڕۆڵی پەیوەست بە بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاش بوو.

لە ساڵی (1970)دا تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێداچوونەوە و پشکنینی بۆ کرا بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانی. ئەم تیۆرە ڕۆڵی ڕەگەزی سوودبەخشبوونی خۆی لە دیاریکردنی نۆرم و چاوەڕوانییە ڕەفتارییە گونجاوەکان بۆ ژن و پیاو نیشان داوە، بەڵام جیاوازی زاڵ لە پەیوەندییەکانیان و نیشاندانی نایەکسانی و کاریگەری جیاوازیەکانی ڕوون نەکردۆتەوە. هەروەها دەرکەوت کە تیۆرەکە ڕۆڵی ڕەگەزی و جیاوازی نێوان پیاو و جیاوازی نێوان ژنان ڕوون نەکردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی جێندەر سەرەتا لە نووسینە سۆسیۆلۆژییەکان لە (1970)دا بە بزووتنەوەی ئافرەتان و ڕەخنەی تیۆریی ڕۆڵی ڕەگەزی دەرکەوت، ئەمەش لە نووسینەکانی (آن أوكلي) (ئان ئۆکلی)دا بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک لە ساڵی (1972)دا دەربارەی ڕەگەز و جێندەر و کۆمەڵگا نووسیبووی .

ئەمڕۆ ئەم بابەتە (جێندەر) لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بووە و بە یەکێک لە کارە گرنگەکانی توێژینەوەی پلەبەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، کە تێیدا وەک مامەڵەی چینایەتی و ڕەگەزی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و هەروەها وەک بنەمایەک بۆ جیاوازی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و کاریگەری جیاوازی یان لە پێکبەستنی کۆمەڵایەتیدا بەکارهاتووە

**ئامانجەکانی جێندەرناسی.**

ئامانجی جێندەرناسی لەکۆمەڵگادا، گەڕانە بەدوایی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە؛

1- بۆچی ئافرەتان لەکۆمەڵگادا ژێردەستەی پیاوانن و، پیاوان بە کەمتر لە خۆیان سەیری ئافرەتان دەکەن؟

2- پەیوەندییەکانی نێوان (ئافرەت و پیاو) لە کۆمەڵگادا لەسەر چ سیستەمێک ڕێکخراوە (باوکسالاری، یاخود دایکسالاری)؟

3- چۆن دەکرێ دۆخی ئافرەتان لەکۆمەڵگادا باشتر بکرێت؟

4- لەڕووی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری)یەوە کۆمەڵگاکان چۆن سەیری پێگەی ئافرەتان دەکەن؟

5- هۆکار و پاڵنەرەکانی جیاوازی رەگەزی (نێر، مێ) چین؟

**چەمکی جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی)**

چەمکی جێندەر (Gender) لەلایەن ئان ئۆکلی (Ann Oakley) و کەسانی تر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەکارهێنراوە. بۆیە جێندەر بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی ئان ئۆکلێ (Ann Okly) لەساڵی (1972) وەک چەمکێکی زانستی هاتۆتە ناو بواری کۆمەڵناسییەوە.

جێندەر ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانەن کە لە بەرامبەر تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکان بەکاردەهێنرێن.

تایبەتمەندییەکانی پیاوبوون و ئافرەتبوون لەلایەن نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکانەوە دەستنیشان دەکرێن.

چەمکی جێندەر لەسەر ئاستی دەوڵەتان هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٧٥ دەرکەوتووە، و قۆناغی (١٩٧٦-١٩٨٥) چەمکی جێندەر بە تەواوی چەسپاوە.

لەو کاتەوە لە وولاتانی تازە پێگەیشتوو پێویستی چارەسەری کەلێنە جۆرییەکان (جێندەرییەکان) لە نێوان پیاوان و ژنان لە چەندین بواری یاسادانان، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، پیشەیی، ژیانی سیاسی و هتد دراوە تاکو یەکسانی جێندەری (Gender Equity) بێتە دی.

هەر چەندە جیاوازی بایۆلۆژی لەنێوان دوو ڕەگەز بوونی هەیە (جۆری بایۆلۆژی)، بەڵام ناکرێت جودایی بکەوێتە نێوان بایۆلۆژیا و ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم دووانە بەیەکەوە گرێدروان. ناکرێت جێندەر یان جۆری کۆمەڵایەتی وەک تایبەتمەندی فەردی تەماشا بکەین، بەڵکو کۆمەڵێک سیفات و هەڵسوکەوتن تاکەکانن کە هەر لەڕۆژی لە دایکبوونیانەوە بە ڕەگەزێکی دیاریکراو هەیانە. کەواتە جۆری کۆمەڵایەتی جیاوازییەکان و نایەکسانییەکانی نێوان دوو ڕەگەز لەخۆ دەگرێت.

لە کۆتایشدا، بۆ پێناسەکردنی (جێندەر) دەکرێ بگوترێت؛

جێندەر بریتییە لە دژایەتیکردنی ئەو جیاوازییەی کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پێکهاتەی بایۆلۆژی مرۆڤ درووستی دەکات، کە تیایدا ڕەگەزی (نێر) تەنیا لەبەر (نێر)بوونی سەرداری کۆمەڵگا دەبێت و، ڕەگەزی (مێ)ش تەنیا لەبەر (مێ)بوونی دەبێتە پاشکۆ لە کۆمەڵگادا.

**بۆ تێگەیشتن لە چەمکی جێندەر پێویستە هەندێ خاڵ لەبەرچاو بگرین کە بریتیین لە سێ خاڵ:**

١-جێندەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتوورییە بەو واتایەی کە چەمکەکە هەمیشە لەمیانەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون دێتە بەرهەم دووبارە دەبێتەوە.

٢- جێندەر سیستمێکی پیادەکردنی (ممارسە) ئاڵۆزە و بەشێوەی سەربەخۆ لەتاکەکان بوونی هەیە. بەواتایەکی تر، تەنیا سیفات و تایبەتمەندی فەردی نین بەڵکو کۆمەڵایەتیشن و لەسەر هەموو ئاستەکانی بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەردەکەون.

٣-پێناسەی چەمکی جێندەر گرنگییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز کە ڕەهەندێکی بایەخدارە لە دابەشکردنی دەسەڵات و جیاوکەکان (امتیازات) لە کۆمەڵگا.

بەواتای پێناسەکردنی چەمکی جێندەر گرنگە لە ڕێکخستنی نایەکسانی لەنێوان ڕەگەزەکاندا، ئەگەر جیاوازی بایۆلۆجی ببێتەهۆی نایەکسانی ڕەگەزی، ئەوە ڕەهەندێکی زۆر گرنگە کە دابەشکردنی دەسەڵات و (جیاوک) ئیمتیازات لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای ئەوەوە سەرچاوەی دەگرێت.

**جێندەر وەک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێکدێت لەمانەی خوارەوە:**

1- پێگەی جێندەری

پێگەی جێندەریی بە پشت بەستن بە پێشکەوتنی مێژوویی هەر کۆمەڵگایەک هەڵدەسەنگێنرا. دەکرێت لە ڕێگای ئەو عادات و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و زمانەوانی و سۆزداری و جەستەییانەی پەیوەستن بە بە پێگەی ڕەگەزی و ئەو ڕۆڵانەی بۆیان دیاری کراوە جیابکرێتەوە.

2- دابەشکردنی ڕەگەزی کار

دابەشکردنی ڕەگەزی بۆ کارکردن ئاماژەیە بۆ کاری بەرهەمدار لە کۆمەڵگا و کاکردن لە ماڵەوە، کارێک لەسەر بنەمای کار دابەش کردن! پێگەی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵگا کە بەهای جیاوازی ڕەگەزی داگیر دەکەن و بەرزترین پێگەی کۆمەڵگاش بەها و گرنگی و توانستە.

3- پەیوەندی خزمایەتی جێندەری

پەیوەندی خزمایەتی جێندەری بەرپرسیارێتی و مافی هەموو ئەندامێکی خێزان دەگرێتەوە، ڕەنگدانەوەی پێگەی جێندەری لە خێزانەکە و جیاوازی هێز و گرنگی و ڕۆڵی جێندەری هەیە.

4- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جێندەری

لەوانەیە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جێندەریی لە ڕێگای یاسا باوەکان، یان بە شێوەیەکی نافەرمی لەسەر بنەمای ئەوەی لە کەلتوری باودا ڕێککەوتوون ڕەسمی بێت. لە ئەنجامیاندا پاداشتکردنی ڕەفتارەکانی پابەندبوونە بەو شتەی کە کۆمەڵگا چاوەڕوانی دەکات لە هەر ڕەگەزێک یان دابڕانێکی کۆمەڵایەتی یان شکست یان سزا بۆ ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگایە لە هەر ڕەگەزێک.

5- ئایدۆلۆژیای جێندەری

ئایدیۆلۆژیای جێندەریی بەو مانایە دێت کە بوونی پێگەی جێندەریی جیاوازە بەهۆی بەهای جیاوازی ئەو پێگانەی کە هەیەتی.

6- وێنەی هزری جێندەری

نوێنەرایەتیکردنی کولتووری جێندەری و بەرجەستەبوونی ڕەگەز لە زماندا دەبێتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەو شەرعییەت بە پێگە جیاوازەکانی ڕەگەزبوونی دەدات . کولتوور یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیای جێندەری باو. وێنەی هزری جێندەر گوزارشت لەهەموو ئەو شتانە دەکات کە لەمێشکدا چاپدەکرێت(مطبوع) لەبارەی نێر و مێیەوە، کە بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان وەردەگیرێت و لەکلتووری باودا بە گشت پێکهاتەکانییەوە بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی زمان و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان کلتوورە جیاوازەکاندا.

**جێندەر لە سەر ئاستی تاکدا ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

1- ناسنامەی جێندەری

شوناسی جێندەریی پەیوەستە بە هەستی تاک کە پەیوەندارە بە کەسایەتی جێندەری سیفات و پیشە و ڕۆڵ و وێنەی جۆرەکانیەوە هەیە هەم وەک ئەندامی خێزان و هەم لە کاتی کارکردندا.

2- پێگەی هاوسەرگیری و دووبارە بەرهەمهێنانی ڕەگەزی

پێگەی هاوسەرگیری و دووبارە بەرهەمهێنانی ڕەگەزی پەیوەندی بە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە ناو دامەزراوەی هاوسەرگیریدا هەیە لەسەر بنەمای ئەوەی کە پەسەندە بۆ کۆمەڵگا، هەروەها پەیوەستە لەسەر ڕۆڵی منداڵبوونەوە.

3- ئاڕاستەکردنی جێندەر

ئاڕاستەکردنی جێندەریی بەستراوەتەوە بە شێوازی ممارسەکردنی جێندەریی. ئەوە دیاری دەکات کە چی لە کۆمەڵگادا پەسەندە یان قبوڵ ناکرێت.

4- کەسایەتی جێندەر

کەسایەتی جێندەر پەیوەستە بە کۆمەڵایەتیبوونەوە لەسەر ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی باوە کە بەو پێوەرە هەڵسوکەوتە ڕەگەزییە پەسەندکراوە دەپیورێ.

5- پرۆسەکانی جێندەر

پرۆسەکانی جێندەر مانای بەردەوامی ممارسە و کرداری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، و ڕەفتار لە شێوازێکی دیاریکراو و گونجاو بۆ ڕەگەزی تاک - لە ڕێگەی ممارسەوە بەرەو پێکهێنانی ناسنامەی جێندەری دەبات، و ڕەفتار بەشێوەی گونجاو بۆ پێگەی جێندەری دەگەرێتەوە لەکاتی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا. ڕەفتاریش یان پێوەرییە یان ڕەفتارێکی جیاوازە.

6- باوەڕی جێندەری

ڕەنگە باوەڕی جێندەری یان گونجاو بێت یان بەرهەڵست بێت بەرامبەر بە بیروباوەڕی ڕەگەزی باو.

7- نمایشی جێندەرەی

نمایشی جێندەر واتە نیشاندانی شوناسی ڕەگەزی خۆی لە ڕێگای جلوبەرگ، جوانکاری، ڕازاندنەوە ، یان هەر نیشانەیەکی فیزیکی، جا هەمیشەیی بێت یان کاتی.

**جیاوازی ڕەگەزی:**

دوو بۆچوونی سەرەکی هەن کە جیاوازی ڕەگەزی ڕوون دەکاتەوە ، هەروەها چۆنیەتی گەشەی شوناسی جێندەری و ڕۆڵی جێندەری لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان چەمکەکانی ڕەگەزی بایۆلۆجی (جێندەر) و جۆری کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە:

1. ڕەگەز و بایۆلۆجی: جیاوازی سروشتی

ڕوانگەی جیاوازیە سروشتییەکان هەوڵ دەدات ئەو ڕادەیە ئاشکرا بکات کە جیاوازی بایۆلۆجی نێوان ژن و پیاو هۆکاری جیاوازی ڕەگەزییە. هەندێک لە بیرمەندان ئەو بوارانەی زیندەوەرزانی سروشتی لەهۆرمۆن و کرۆمۆسۆمەوە تا قەبارەی مێشک و جینات بەبەرپرسیار دەزانێت لەجیاوازی ڕەفتاری نێوان ژن و پیاودا. بۆیە ئەم جیاوازیانە دەبێتەهۆی نایەکسانی ڕەگەزی، ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو کۆمەڵگاکان باوە.

2. بە کۆمەڵایەتیبوونی جێندەری

بەکۆمەڵایەتیبوونی جێندەریی ئەوە دووپات دەکات کە ڕۆڵی جێندەر لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و میدیاوە فێر دەبێت. ئەم ئاڕاستەیە جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەگەزی سروشتی و جۆری کۆمەڵایەتییدا. لە ڕوانگەی ئەم ئاڕاستەیە منداڵ بە سروشتی لە دایک دەبێت. جۆری کۆمەڵایەتی پەرە پێدەدەن لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ دەزگا جیاوازەکان کە پەیوەستن بە کۆمەڵایەتیبوونی سەرەتایی و لاوەکییەوە.

هەروەها تێکەڵ بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست و گونجاو کە لەگەڵ ڕەگەزە پەیوەندیدارەکانیان یەکدەگرێتەوە، پێویستە نێر و مێ لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە بە ڕێگایەکی گونجاو پەروەردە بکرێن و ڕەچاوی تواناکانیان بکرێت، تیۆرییەکانی بە کۆمەڵایەتیبوونی جێندەری، ڕوانگەی پێشەنگەکانی تیۆری ئەرکگەرایی. کاتێک کە ئەرکێتی وای دەبینێت کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ فێر دەبن؛ ڕۆڵی جێندەری و ناسنامەی جێندەریی و چەمکەکانی نێرایەتی و مێیینە لەڕێگای سیستمی سزاوە چ پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ. منداڵێک کە شێوازێکی گونجاوی وەردەگرێت سزایەکی ئەرێنی وەردەگرێت و بە پێچەوانەشەوە.

منداڵ لە ڕێگەی ئەم بەرزکردنەوەیەوە فێری ئەوە دەبێت کە چ ڕەفتارێکی گونجاو بەگوێرەی ڕەگەزەوە و پابەندبوون بە نۆرمە کولتوورییە باوەکان، چونکە ئەو کارە گوزارشتە لەوەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری لە هاوسەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەکەن بە هێشتنەوەی پرۆسەی  پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گونجاو بەگوێرەی رەگەزەوە.

**قۆناغەکانی پێکهێنانی تێڕوانینی جێندەری**

پرۆسەی پێکهێنانی تێڕوانینی جێندەری بە سێ قۆناغدا دەڕوات:

1- سەبارەت بە هەر مرۆڤێک دەبێتە هۆی پێکهاتنی تێڕوانینی سەرەتایی بۆی. ئەگەر زانیاری تەواومان نەبێت بۆ شێوەپێدانی ئەم دەرککردنانە، پەنا بۆ ستریۆتایپ (stereotype) دەبەین.

2. ئەم دەرککردنانە وا دادەنرێ کە پەیوەندی نێوان ئەو وردەکاریانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی بینینێکی تێپەڕەوە لێی تێبگات. بۆ نموونە پیاوەتی و چاونەترسی، بەژنبوون و بێفیزیەوە بەستراوەتەوە، یان پەیوەندی نێوان جلوبەرگ و ماڵ یان ئاستی ئابووری - کۆمەڵایەتی. ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی تایبەتمەندی هۆکاریەوە پێی دەگەن، واتا بە هۆی ئەوەی کە شتەکان بە شتی

تر ببەستێن. کە پرۆسەی وەرگرتنی پێشینەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت ، جا پەسەندی، خۆشەویستی یان دەمارگیری بێت.

3- ڕەفتاری ئەوانی تر لە بارودۆخێکی تایبەت دا لە ڕێگەی پەیوەندی چاوەڕوانکراوەوە پێشبینی دەکرێت. ئەم پێشبینیانە ئەو چاوەڕوانیانە دیاری دەکەن کە لە ڕێگەیەوە ڕەفتار و کاردانەوەی کەسانی تر ڕووندەبێتەوە.

**قۆناغەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون:**

پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون بە سێ قۆناغی بنەڕەتیدا دەڕوات:

1- بە کۆمەڵایەتیبوونی سەرەتایی: کە لە قۆناغی منداڵیدا دەردەکەوێت. بە گرنگترین و مەترسیدارترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ دادەنرێن کە منداڵ بە چڕیی فێری ناوەڕۆکی کلتووری دەوروبەر دەبێت وەک : زمان، و هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان کە بناغەی قۆناغەکانی دواتری فێربوون پێک دەهینن. کە خێزان یەکەم دامەزراوەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتییە لەم پرۆسەیەدا و لەو کاتەدا، منداڵ پەروەردە دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت لە ناو کۆمەڵگادا بە تایبەتی زمان و کارامەیی پێویست لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا.

2- کۆمەڵایەتیکردنی لاوەکی: ئەم قۆناغە لە کۆتایی منداڵییەوە تا قۆناغی هەرزەکاری درێژ دەبێتەوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش لەم قۆناغەدا چەند بەرپرسیاریەتییەک بۆ خێزان لە سەرشانیان دایە، وەک: قوتابخانە، هاوڕێیان، میدیا، دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و شوێنی کار ئەو کارلێککردنە کۆمەڵایەتیەی کە لە خۆدەگرێت لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیانەدا دروست دەبێت یارمەتی خەڵک دەدات بۆ فێربوونی ئەو بەها و داب و نەریت و باوەڕانەی کە ئەو شێوازانە پێکدەهێنن و شێوە دەگرن کە لە کەلتووری دەوروبەردا زاڵە.

3- بە کۆمەڵایەتیبوونی بەردەوام: کە تاکەکانی نێر و مێ دابین دەکات لەگەڵ بنەمای بەدەستهێنانی ئەو ڕۆڵانەی کە لە ماوەی ژیانیاندا دەیبینن ، ئەوە پرۆسەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامە کە لە بێشکەوە تا گۆڕ بەردەوام دەبێت. ڕێگا و شێواز جیاوازی هەیە بە پشت بەستن بە تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگایەک. ئەمە پرۆسەیەکی دینامیکیە نەک میکانیکی.

**تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (خصائص التنشئة الاجتماعية)**

1. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی فێربوونی کۆمەڵایەتییە، چونکە تاکەکان لە ڕێگەی پرۆسەی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانن بەهاو پێوەرو داب و نەریت و رۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا ئەژین وەری بگرن.

2. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە، چونکە تاک لە بارودۆخیک دەگۆڕێت بۆ بارودۆخێکی تر واتە تاکەکە کاتێک لە قۆناغی منداڵیدایە تەنها بیر لە دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی دەکاتەوەو هەست بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ناکات دواتر دەگۆڕێت بۆ تاکێکی پێگەیشتوو و کامڵا کە هەست بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی دەکات و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بیر لە بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگاکەی دەکاتەوە.

3. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامە لە ژیانی تاکەکان، واتە هەر لەو کاتەوەی کە تاکەکە لەدایک دەبێت تاوەکو کۆتایی ژیانی بۆیە ئەم پرۆسەیە تایبەت نیە بە قۆناغێکی تەمەنی بەڵکو لە هەموو قۆناغە تەمەنیە جیاوازەکان لە گەڵیەتی، چونکە تاک بەردەوام پەیوەندی و کارلێک لەگەڵا دامەزراوەکان دروست دەکات و دەگونجێ لەگەڵا رۆڵە کەمەڵایەتیەکەیدا.

4. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە وا لە تاک دەکات کە ببێتە ئەندامێک لە کۆمەڵگاکەی، واتە گونجاندنی تاک لەگەڵا ژینگەکەی و هەڵبستێ بە رۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی سەرشانی.

5. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی گۆراوە، واتە لە کۆمەڵگایەکەوە دەگۆڕێت بۆ یەکێکی تر تەنانەت لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر، چونکە کۆمەڵێک هۆکار کاریگەریان لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە لەوانە (بیروباوەر، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ئاستی خوێندەواری، وشیاری خێزان) کاریگەریان لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە.

6. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە ئەم پرۆسەیە ئامانجی گەورەی هەیە و وە کۆمەڵێک ئامرازو شێوازی جیاوازی هەیە کە بە هۆیەوە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانە دەدات.
هەروەها بە پرۆسەیەکی مرۆڤایەتی و مێژوییش دادەنرێت.

**شێوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (اشکال التنشئة الاجتماعية)**

1. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مەبەستدار (التنشئه الاجتماعیه مقصوده):

پێی دەوترێت مەبەستدار چونکە لە جێبەجێ کردندا ئامانجی دیاریکراو هەیە کە دەخوازرێ جێبەجێ بکرێت لای تاکەکە، ئەم جۆرە زیاتر بە رێگەی فێرکردن و رێنماییکردنی راستەوخۆ ئەنجاو دەدرێت، نموونە لەسەر ئەم جۆرە (خێزان، قوتابخانە) یە کە بە سەرچاوەی سەرەکی ئەم جۆرە دادەنرێن بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

2. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نامەبەستدار (التنشئێ الاجتماعية غير مقصودة):

لەم جۆرەیاندا تاک زۆر شت فێر دەبێت و وەردەگرێت لە رێگەی لاساییکردنەوە کاتێک تاکەکە تێکەڵاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبێت بەهۆی (کارکردن، یاریکردن، دەزگا ئاینیەکان، دەزگاکانی راگەیاندن کە رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەماو شانۆ و... هیتر دەگرێتە خۆی).

**ئەرکەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (وظائف التنشئة الاجتماعية)**

بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:

1. دابینکردنی پێداویستی تاکەکان (اشباع الحاجات الفرد):

ئەرکی سەرەکی و سەرەتایی ئەم پرۆسەیە پرکردنەوەی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی تاکەکانە بۆ ئەوەی خۆ گونجاندنێک دروست بکەن لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنەکەش پێویستە لە چوارچێوەی بەهاو پێوەرەکانی ناو کۆمەڵگاکە بێت.

2. گونجاندنی تاکەکە لەگەڵا ژینگە کۆمەڵایەتیەکە (التكيف مع الوسگ الاجتماعی):

واتە ئەم پرۆسەیە تاکەکە دەگونجێنێت لەگەڵا ژینگە کۆمەڵایەتیەکە، جا ئەو ژینگەیە خێزان، شوینی خوێندن، شوینی کارکردن، یان هەر شوێنێکی تر بێت کە تاکەکە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵا هەیە.

3. گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگا بۆ تاکەکان (اكتساب الفرد ثقافة المجتمع):

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گواستنەوەو گەیاندنی زمان و داب و نەریت و کلتورو ئاین و بەهاو پێوەرو رۆڵە کۆمەڵایەتیەکانە بۆ تاکەکە بەمەرجێک ئەمانە تاکەکە بکەن بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بیگونجێنن.

**کەواتە ئەو کارانەی پێویستە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێ؛** بە کورتی ئەم پرۆسەیە هەوڵ دەدات ئەم کارانە بکات:

1. گواستنەوەی بەهاو پێوەرو ئاراستە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا بۆ تاکەکان.

2. دابینکردنی پێداویستییە مادی و مەعنەویەکانی تاکەکان لەگەڵا ڕێکخستنی رەفتارو هەڵس و کەوتی تاکەکان بە گوێرەی کۆمەڵگاکە.

3. فێرکردنی تاکەکە بە رۆڵە کۆمەڵایەتیەکان بەڵام ئەمە پێویستە بە گوێرەی رەگەزو خودی تاکەکەو کارو پێگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا.

4. گەیاندنی گشت رەفتارو هەڵس و کەوتە باوەکان لە کۆمەڵگاوە بۆ تاکەکان.

5. گەیاندنی رەگەزەکانی کلتوری کۆمەڵگا بۆ تاک.

6. گواستنەوەو گۆرینی تاکەکە لە بونەوەرێکی بایلۆجی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

**مەرجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (شروط التنشئة الاجتماعية)**

سێ مەرجی سەرەکی هەن بۆ دروستبوونی ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە کە ئەمانەن:

1. بوونی کۆمەڵگا (وجود المجتمع):

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە کە ناتوانێت بە تەنیا ژیان بەرێتە سەر دوور لە کۆمەڵگا، واتە هەر لەو کاتەوەی کە دێتە دونیاوە پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵ دامەزراوە و گروپەکانیتری کۆمەڵگادا هەیە؛ بۆ دابینکردنی پێداویستیە جیاوازەکانی خۆی، بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ماوەی گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگا بۆ تاکەکانی لە رێگەی پەیوەندییەکانەوە ئەنجامی دەدات.

2. بوونی ژینگەیەکی بایۆلۆژی (توفر بيئة بيولوجية):

واتە بوونی کۆمەڵێک مەرجی بایلۆجی بۆماوەیی لای تاک چونکە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تەنها لایەنە ژینگەییەکە ناگرێتەوە بەڵکو کۆمەڵێک خاسیەتی بۆماوەیش لای ئەو تاکە بوونی هەیە واتە بوونی سروشتە بایلۆجیەکە لای مرۆڤ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە.

3. بوونی سروشتە مرۆڤایەتیەکە (توفر الطابع الانساني):

واتە تاکەکانی کۆمەڵگا خاوەنی سروشتێکی مرۆڤایەتین، بۆیە هەر ئەمەیە کە مرۆڤ جیادەکاتەوە لە دروستکراوەکانیتر چونکە مرۆڤ چینێکە کە رەفتارو هەڵس و کەوتەکانی جیاوازە لە

بونەوەرانیتر، بۆیە کۆمەڵێک تایبەتمەندی مرۆڤایەتی تێدایە بۆ نموونە توانای قسەکردن، بەکارهێنانی زمان، مامەڵەکردن لەگەڵ رەمزو هێماکان.

دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی بڵێین سێ مەرجی زۆر گرنگ و سەرەکی هەن بۆ گەیشتن بە پێگەیاندنێکی راست و دروست یەکەم مەرج کاتێک منداڵ دێتە دونیاوە دێت بۆ نێو کۆمەڵگا و بە بوونی یاساو بەها و پێوەر و ئاراستە و بونیادە کۆمەڵایەتیەکان کە پەسەندە تیایدا، دووەم مەرج بوونی کۆمەلێک مەرجی بایۆلۆژییە کە کاری ئەم پرۆسەیە تەواو دەکەن بۆ نموونە عەقل، دڵ، مەرجی سێیەم ناودەبرێت بە سروشتی مرۆیی کە پێی جیادەکرێتەوە لە بونەوەرەکانی ترەوە.

**ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (اليات التنشئة الاجتماعية)**

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەلێک ئامرازی هەیە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی پێ جێبەجی بکات ئامرازەکانیش ئەمانەن:

1. لاساییکردنەوە (التقليد):

واتە کاتێک تاکێک لە خێزاندا دێتە دونیاوە هەڵدەستێ بە لاساییکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی یاخود هەندێ کەسایەتی دیارو ناودار، مامۆستاکەی، هاورێکەی، کەسانی دەوروبەری.

2. تێبینیکردن (الملاحظة):

واتە تاکەکە فێر دەبێت لە ماوەی تێبینیکردنی لە هەڵس و کەوت و رەفتاری نموونەیی کەسانی دەوروبەری، بەڵام جیاوازی ئەمە لەگەڵا لاساییکردنەوە ئەوەیە کە لاساییکردنەوەکە دەقاودەقە وەکو خۆی فێر دەبێت.

3. رێکخستن (الظبط):

ئەم ئامرازە رێکخستنی تێدایە واتە دەبێت رەفتارو هەڵس و کەوتی تاکەکان بە گوێرەی کلتورو بەهاو پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگا بێت.

4. پاداشت و سزا (الثواب والعقاب):

لێرەدا پاداشت بەکاردەهێنرێت بۆ فێربوون و ئەنجامدانی رەفتاری پەسەند لە کۆمەڵگا، بەڵام بە پێچەوانەوە سزاو چاکسازی بۆ ئەنجامدانی رەفتاری ناپەسەندو نەگونجاو بەکاردێت لە نێو کۆمەڵگا کە ئەمەش بە پێی جۆری کۆمەڵگاکان دەگۆرێت.

**میدیا و پەرەسەندنی چەمکی جێندەر**

تەلەفزیۆن یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە خۆی لە خۆیدا لە گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی ڕاگەیاندن کۆدەکاتەوە، وەک دەنگ و وێنە و ڕەنگ و جوڵە و ئاماژە. توێژەرە ئەمریکیەکان بە (باوکی ڕۆحی منداڵ) ناویان بردوون و منداڵانی ئەمڕۆیان بە (نەوەی تەلەفزیۆن) ناوبردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵ بە سێ دەستی پەروەردەیی : باوک – دایک – و تەلەفزیۆن پەروەردە دەکرێت. تەلەفزیۆن ئەمڕۆ ڕۆڵێکی پەروەردەیی زۆر گرنگ دەبینێت لە شێوەپێدانی ڕەفتار و تێگەیشتن و تێڕوانینی منداڵاندا، چونکە سیستەمێکی فکری و کلتووری تەکنەلۆژیە بۆ بەدیهێنانی مەبەستی دیاریکراو. هەروەها یەکێکە لە گرنگترین و بەپێزترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە تا ئەمڕۆ لەبەردەستدان، تەلەفزیۆن یەکێکە لە سەرچاوەی زانیارییەکان لەلای منداڵاندا چۆن ئاراستە و بیرۆکەکانیان لەژێر کاریگەریی ئەودا پێکنەهینرێ. بۆیە قوتابخانەیەکی ترە بۆ منداڵ.

ئەوەی خراپتریشە سنووردارکردنی بەرنامەو ڕیکلامە بەتایبەتی لەزەقکردنەوەی سنورداریی ژنان و بایەخدانیان بەجوانکاریی تەنیا، کە بووە هۆی دڵنەواییان و مامەڵەکردنیان تەنیا وەک جەستەیەک کە بۆ سەرخستنی هەندێک بەرهەمی دیاریکراو یان بۆ سوودی هەندێک کۆمپانیا یان گۆرانی بازاڕکردن بەکاردێت، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ڤیدیۆ کلیپی ئێستا وێنەی ژن دەشێوێنێت و سوکایەتیان پێ دەکات و تەنیا لەجەستەدا کەمیان دەکاتەوە، هەموو ئەوانەی سەرەوە شوبهانێکی نموونەیی بوون بۆ سنووردارکردنی ژنان و توانایان تەنیا بۆ ڕۆڵگێری نەریتی و ڕوکەشیی بووە. کاتێک منداڵ لە لاپەڕەی ڕۆژنامە و کتێب و شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەبینرێت ، گەمارۆدانی مۆدێرن و داگیرکردنی پلە و پایەی گرنگ لە پیاواندا و گەمارۆدانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن لە ئافرەتدا، بێگومان بە پشت بەستن بە بنەمای تیۆری گەشەی مەعریفی پێکی دەهینین کە پێگەی پیاو بەرزە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا کەمە، کە بەشداری دەکات لە پێکهێنانی چەمکی ڕۆڵی جێندەریی ستیرۆتایپ.

هەروەها زۆربەی ئەو وێنە نمایشکراوانەی لە میدیاکاندا بە هەموو جۆرەکانییەوە پیشان دراون، ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕۆڵی ژن و گرنگی و ئەوەی بە درێژایی مێژوو و ئەو کار و کردەوانەی ئێستا دەیکەن نییە. ئەگەر میدیا هەوڵی پێشکەشکردنی وێنەی باشی ژنان بدات، ئەوە باس لە بەشداری ژنان دەکات لە هەندێک چالاکی کۆمەڵایەتی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆڵی نەریتیانەدا نین. پرۆسەکانی جێندەر مانای بەردەوامی پراکتیزەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار بەپێی

شێوازێکی دیاریکراو - گونجاو بۆ ڕەگەزی تاک - لە ڕێگەی پراکتیزەوە بەرەو پێکهێنانی ناسنامەی جێندەری دەبات و ڕەفتاری گونجاو لەگەڵ پێگەی جێندەری لەکاتی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا. ڕەفتار یان نۆرمییە یان ڕەفتارێکی جیاوازە. ئایدیۆلۆژیای جێندەریی بەو مانایە دێت کە پێگەی جیاوازی جێندەری هەیە بەهۆی بەهای جیاوازی بۆ ئەو پێگانەی دەردەکەوێت و مانای ئاسایی دەگەنێت.

**ڕوانگە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی بۆ جێندەر**

ئاستەکانی تیۆری و پەیوەندی نێوانیان




١-ڕوانگەی ماکرۆ سۆسیۆلۆژی (Macro-Sociological Perspective): ڕوانگەی ماکرۆ سۆسیۆلۆژی سەرنج دەداتە دیاردە قەبە و گەورەکانی وەک: دەوڵەت، نەتەوە، سیستمی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵە پیشەیی و پەروەردەیی و سیاسییەکان کە بە پێی جێندەر لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی لە وڵاتێکی دیاریکراو جیاکراونەتەوە.

٢-ڕوانگەی مایکرۆ سۆسیۆلۆژی (Micro-Sociological Perspective): ڕوانگەی مایکرۆ سۆسیۆلۆژی تیشک دەخاتە سەر دیارە بچووکەکانی وەک کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو کەس یان لەناو ئەندامانی گروپێکی دیاری کراو.

٣-ڕوانگەی مێزۆ سۆسیۆلۆژی (Mezzo-Sociological Perspective): ڕوانگەی میزۆ سۆسیۆلۆژی بایەخ دەداتە دیاردەکانی وەک گروپە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی نێوانیان (هاوکاری یان ململانێ).

**تیۆری ئەرکگەرایی** (Functionalism)

تیۆری ئەرکگەراییی، یەکێکە لە تیۆرییەکانی ماکرۆ یان گەورەیە. پێیوایە کە کۆمەڵگا لە چەندین بەشی بەیەکەوە بەستراو پێکدێت، هەر بەشێک بەشداری دەکات لە ئەرکی گشتی کۆمەڵگا.

ئەوان، بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەناسێنن و دەستنیشانی ئەرکەکانی ئەو بەشانە دەکەن کە ڕۆڵیان هەیە لە دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی پێشبینی کراو. ئەوان پرسیار دەکەن کە چۆن هەر بەشێک یان توخمێک لە بونیادی کۆمەڵایەتی بەشداری دەکات لە کۆی گشتی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، باڵانس، و هاوسەنگی دا.

ئەوان ئاشکرای دەکەن کاتێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی شڵەژێنەر ڕوودەدات، کۆمەڵگا دەتوانێت دووبارە هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە بۆی لەڕێگەی میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی کارا و بە تەواوی.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کاتێک بەهێز دەبێت کە خەڵکی هاوبەش بن لە باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی.

ئەوان جەخت لەسەر ڕۆڵی هاودەنگی بەها و نۆرمەکان لە نەزمی کۆمەڵایەتی دا دەکەن.

ئەو بەها و نۆرمانەی کە تایبەتن بە ڕۆڵە جێندەرییەکان، هاوسەرگیری، و خێزان لە بانگەشەکانی ئەرکگەرایی دا پێگەیەکی ناوەندی وەردەگرن لە ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیدا.

**ڕۆڵە جێندەرییەکان چین؟**

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی چییە؟ کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و ڕەفتاری چاوەڕوانکراون کە بە پێی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکرێن.

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دوو ڕەهەندی هەیە:

١-ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆن و لە دەرەوەی تاکەکان بوونیان هەیە؛ کۆمەڵگا ئەو ڕۆڵانە دەست نیشان دەکات بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو کەسانەی مومارەسەی ئەو ڕۆڵانە دەکەن. هەموو تاکەکان کۆمەڵێک ڕۆڵ لەکۆمەڵگا ئەنجام دەدەن.

٢-کۆمەڵگا ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕەگەز دیاری دەکات. بۆ نموونە چاودێری منداڵ و بەتەمەنەکان و نەخۆشەکان تایبەت دەکات بە ئافرەتان و چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو کارانە ئەنجام بدات. ئەو چاوەڕوانییانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئیشکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ و جۆری ئەو ئیشانە کە ئافرەت ئەنجامی دەدات.

بەواتای ڕۆڵە خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکان تایبەت کراون بە ئافرەتان، کەچی ڕۆڵی بەڕێوەبردن و حکومەتداری و بەرزترین پلەکان وەردەگرن و چاوەڕوان دەکرێت پیاوان ئەو پێگانە بگرنە دەست. کەواتە دوو جۆر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە:

١-ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە ئامرازی و عەقڵانییەکان

٢-ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە هەستی و سۆزدارییەکان

**ڕەخنە لە تیۆری ئەرکگەرایی**

ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە باڵادەستی ڕۆڵی پیاوان و نایەکسانی و توێژبەندی جێندەری.

لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شیکارانی ئەرکگەرا کە لە پەنجاکان ١٩٥٠ جەماوەرێکی زۆر هەبوو، پاڵپشتییان لێدەکرد لە ڤێرژنێکی تەقلیدی نموونەی خێزان.

ئەرکگەراکان پشتیوانی لە مۆدێلی خێزانی چینی ناوەڕاست سپی پێست دەکات کە لەو چینەدا جەخت لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانی سەرپەرشتی خێزان دەکات بۆ پیاوان و چالاکییەکانی ناو ماڵیش بۆ ئافرەتان. پێیانوایە تەنیا لەکاتی جەنگدا پێویستیمان بەکاری ئافرەتانە لەدەرەوەی ماڵ.

ئەم مۆدێلە ناگونجێت لەگەڵ ئافرەتانی هەژار و باوانێک کە بەتەنیا دەژین و ناچارن بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانیان لەدەرەوەی ماڵ کار بکەن

بە واتایەکی تر توێژینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا دابەشکردنی کار بەپێی جێندەر زیاتر دژە ئەرکە تا ئەرکدار.

## تیۆرە بایۆلۆجییەکان

ئەم تیۆرە بایۆلۆجییانە یەکەم هەوڵن بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی گشتیی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای بایلۆجی، هەروەها پەرەسەندنی چەمکی جێندەر لەسەر بنەمای جیاوازی بایۆلۆجی نێوان ڕەگەزەکان ڕوون دەکەنەوە. ئەم تیۆرە لەسەرەتای هاوشانبوونی کرۆمۆسۆمی (X) لەگەڵ کرۆمۆسۆمی (Y)ی بۆ پێکهاتنی کۆرپەلە، هەروەها لەسەر چالاکی هۆرمۆنەکان کە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر گەشەی تاک چ گەشەی جەستەیی و عەقلی چ لە باری دەروونییەوە

تیۆری بایۆلۆژی پێیوایە هۆرمۆنەکان بەرپرسن لە دیاریکردنی ڕەگەز، هەروەها کاریگەری لەسەر گەشەی مێشک هەیە هەروەک چۆن کار دەکاتە سەر گەشەکردنی لەش (جستە). (الاستروجین)ئیسترۆجین، هۆرمۆنی سەرەکی ئافرەتە، کۆلیسترۆڵی باش لە جەستەی ژندا بەرهەم دەهێنێت، وا دەکات خوێنبەرەکانی زیاتر نەرم بێت لەو هۆرمۆنانەی لە جەستەی پیاواندا هەیە، هەروەها بەرگری ژنان بەهێز دەکات، ئەمەش وادەکات بەرگرییان لە نەخۆشییەکان گەورەتر بێت.

یەکێک لە سوودەکانی ئەم هۆرمۆنە ئەوەیە کە لە کاتی دووگیانیدا جۆرێک لە شلەمەنی چەوری بە ئافرەتان دەدات بۆ پاراستنی کۆرپەلە. هۆرمۆنی سەرەکی پیاو (التستسترون) تستسترۆن چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە پیاوێک بە ڕێژەی زۆر لەو هۆرمۆنە کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە ، حەزی لە کۆنترۆڵە و هەندێک جاریش ڕەفتاری شەڕانگێزانە. بوونی باڵای ئەم هۆرمۆنە پەیوەندی بە بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەسەر ئەوانی تردا هەیە.

بەردەوامی بوونی ئەم هۆرمۆنە لە جەستەی پیاودا کاریگەری لەسەر ئیشەکانی توانا مەعریفیەکانی ئەوان هەیە، بۆ ئەوەی توانای بۆشایی پیاوەکە لە نزمترین ئاستی خۆیدا بێت لە حاڵەتی سوڕی هۆرمۆن و جوڵەجوڵدا. هۆرمۆنێکی تر لە نێرینەدا، (الاندروجین)(ئاندرۆجین)ە، کە زۆرجار پەیوەندی بە شەڕانگێزی و ئارەزووی کوشتنی هەندێک جارەوە هەیە

لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە کاریگەری هۆرمۆنەکان لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ هێشتا پێویستی بە بەڵگە و پشتگیری زیاتر هەیە

یەکێکی تر لەو تیوریە بایۆلۆژییانەی بۆ تەفسیرکردنی نێوان جێندەری، لایەنی (پێکهاتەی مێشک) و پەرەسەندنەکەی، کە هەمیشە لە پەیوەستبوونیدا بە ڕەگەزە بایۆلۆژییەکان بەرجەستە دەبێت، ژن و پیاو بەشی زیاتر لە مێشک بەکار ئەهینن لە بەشەکانی تر. پیاوان لای چەپی مێشک زیاتر بەکار ئەهینن ئەم بوارە تایبەتمەندە بە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی شیکردنەوەیی دامالراو (المجرد).

ژنان زیاتر لایەنی ڕاست بەکار ئەهینن، بەڵام ئەوەی ژن جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دەتوانێت لە نێوان دوو لایەنی مێشکدا بجوڵێتەوە، یانی هەردوو لا بەکاردەهێنیت.

## تیۆری ململانێ (Conflict Theory)

تیۆرییێکی قەبەیە (ماکرۆ سۆسیۆلۆژی). بەپێچەوانەی تیۆری ئەرکگەرا، پێیوایە کە نەزم و ڕێکی کۆمەڵایەتی لەرێگەی دەسەڵات (مادی و مەعنەوی) کە چینێک لە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستیەوەیە و بەسەر ئەوانی تردا مومارەسەی دەکات، دێتەدی.

کارل مارکس پێیوایە کە ململانێ لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە دەگمەنەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان (زەوی، خوراک، کەل وپەلە ماددییەکان)و دابەشکردنی سەرچاوەکان دێتەدی.

سەرمایەداری ئەو سیستمە ئابوورییە کە لەسەر جێگیرکردنی دەسەڵات لەدەستی چنێکی باڵادەست (بورژواکان) کە خاوەن کێڵگە و کارگەن و کرێکاران (پرۆلیتاریا) تیایدا کاردەکەن بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانیان.

بەرژەوەندی چینی باڵا دەست لە پاراستنی پێگەی دەسەڵاتیان بەسەر چینە ژێردەستەکان بە هەرچی زیاتر قازانج و سوود وەرگرتن لەکاریان مسۆگەر دەبێت. تەنها کاتێک کرێکاران چەوساندنەوەی گشتییان ڕێکدەخەن و هۆشیاری چینایەتی پەیدا دەکەن ئەو کاتەیە دەتوانن یەکبگرن و سەرچاوە پێویستەکان کۆدەکەنەوە و ڕووبەڕووی نایەکسانیەکانی سیستمی سەرمایەداری ببنەوە.

بۆچوونەکانی مارکس لەلایەن هاوکارەکەی بەناوی فریدریک ئەنگڵز (١٨٢٠-١٨٩٥) لە لێکۆڵینەوەکەی بەناوی (ڕەچەڵەکی خێزان)و ڕۆڵە جێندەرییەکان پراکتیزە کراوە.

ئەنگڵز پێیوایە ڕزگاری ئافرەتان تەنها کاتێک دێتەدی کە بەشداری بکەن لە بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی فراوانتر و کاری خێزانی چیتر بۆ ئەوان بە گرنگ نەزانرێت.

سەرچاوەکان:


١-حوسو، عصمت محمد (٢٠٠٩) الجندر (الابعاد الاجتماعية و الثقافية)، عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.

2- المرنيسي، فاطمة. (1998) ما وراء الحجاب- الجنس كهندسة اجتماعية. ترجمة: فاطمة الزهراء أزرويل. الدار البيضاء.

3- شكري، شيرين و أبوبكر، أميمة. (2002) المرأة والجندر:ألغاء التمييز الثقافي والاجتماعي بين الجنسين. دمشق: دار الفكر.

4- السعداوي، نوال. (1990) المرأة و الجنس. القاهرة: دار والمطابع المستقبل.

5- العمر، معن خليل. (2014) علم اجتماع الجندر.

6- حمداوي، جميل. (2019) سوسيولوجيا الجندر عند فاطمة المرنيسي. المغرب.

7- الهراس، المختار. (2008) المرأة و صنع القرارفي المغرب.

8- السباعي، خلود. (2007) الجسد الانثوي وهوية الجندر.

9- معادي، زينب. (1978) الجسد الانثوي وحلم التنمية، إنها امرأة تذوب، الدار البيضاء.

10-Lindsey, Linda L. (2016): Gender Role: A Sociological Perspectives, 6edition, London & New York: Routledge.